# "عەشقێکی کوژراو"

عومەر جەلال
omargalal2004@yahoo.com

لەدڵی تۆدا نیشتمانێك هەیە لە دۆزەخ وێران تر

لە نیگاکانت بەیانیەك سارد وەك و سەهۆڵ

لە هەنگاوەکانت پەیامێك دەبینم سوور وەك خوێنی رژاوی لە ناکاوی من.....

لە دڵۆپەی فرمێسکی تۆدا دەنگێك دەڵێت عەشق وەك "با" بە هەموو رێگاکانی مەحاڵ دا دەمانبات

ئەشێ ,عەشق گۆرانیەك بێت بە بێدەنگی گوزەر بکات

ژیان ,شەقامێکی منداڵی بێت لە یادەوەریت دا نەمابێت

فڕین تابۆ بێت لەهزرت

شیعر پەنجەرەیەك فەرامۆش لە روانینت

هاورێ,یادت نەچێت

تۆ وەك باران تەڕیت

لە کەس ناچیت................

بە ڕەنگی ئاسمانەوە هاتم لە ماڵی سادەی نەبووی

بە دەنگی ئاوەوە هاتم لە بیابانا دەرچوو بووی

بە خەونێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە ,

ئەستێرە نەما بە دووت نەگەرێم

بە فلوتێکەوە ,سروشتم هێنایە ئاخافتن

تۆ بێدەنگ بوویت

گوناهی من نیە ...

باڵندەکانی روانینت باڵەکانیان وون کردووە

شەونمی پەڕی گوڵەکانی ناخت وەریووە

تریفە سلاڵو لە دەریای خنکاوت ناکات

خەیاڵ بۆ بەهەشتی یادەوەریت نابات

تاسەی ئێوارەیەك دەکەم وەك رۆحت وەنەوشەی

لە چاوەڕوانی تیشکی نیگایەکت دا دەبمە باخچەیەکی پەژمووردە.......

سەفەرێك دەستم دەگرێت بۆ ئەو دیووی نهێنیەکانی ئاو

تۆ نابینم...

له ته‌ك بادا هه‌موو كوچه‌كانی ته‌نیای ده‌گه‌ڕێم ناتدۆزمه‌وه
به‌سانای له ناو ئاو دا پشوو ئه‌ده‌م و بۆنم ناكه‌یت
ئاوێته ده‌بم به‌وه‌ڕسی و حه‌قیقه‌تی برین نابینیت
له ته‌ك هاواری ئازاری شكانی به‌ردێك دا دێم و نووستووی
له دواین چاوداخستنی شێتێك دا دێم كه‌هه‌ناسه‌یه‌كی نه‌ماوه بۆ ژیان
له ته‌ك خه‌می هه‌ورێك دا دێم و ئاسمانێك ڕۆندك ده‌رژم
به‌هارێك دێم و بۆنی نێرگز ده‌به‌شمه‌وه
تۆ له وه‌رزی زستانا جێماوی
چۆرێك ئومێد له دڵمایه به‌خه‌نده‌وه گه‌وره ده‌بێت
هاورێ,
كۆمكه‌ره‌وه
دابه‌ش بوون بۆ ساتێ خۆشه له لوتكه‌ی مه‌ستی دا وون ببم
بمخوێنه‌ره‌وه ,
وه‌ك خوێندنه‌وه‌ی سه‌رمای زستان
بمنووسه‌وه ,
وه‌ك نووسینی یه‌ك نامه‌ی پاش دابڕان

بملاوێنه به ئه‌ندازه‌ی منداڵێكی ناو گریان و گوومان
ئیدی منیش ڕۆحم ده‌كه‌م به‌پۆرترێت بۆ سكێچی ته‌نیای تۆ
له‌ساتی كردنه‌وه‌ی په‌نجه‌ره‌كه‌مدا دێیته ژوورم
پڕم ده‌كه‌ی له بۆنی نێرگز به‌ر له‌وه‌ی عاشقێكی بێ وه‌فا بۆنی بكات ,
پڕم ده‌كه‌ی له زینده‌گی به‌ر له‌وه‌ی به‌جێم بهێڵی
2006